# عێراقچی: ڕوسیا و چینمان لەگەڵ پێشکەوتنی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا ئاگادارکردەوە



عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، تاران لەگەڵی پەیوەندیەکانیەوە مەسکۆ و پەکینی لەورددەکاری و بەردەوامی دانوستانەکان لەگەڵ واشنتن سەبارەت بە ناکۆکییەکانی پەیوەست بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران ئاگادارکردوەتەوە.

عەباس عێراقچی ڕایگەیاند، "ئێمە بەردەوامین لە هاوڕێکانمان لەگەڵ چین و ڕوسیا، ئەو دوو وڵاتە وڵاتی دۆست و هاوبەشی ستراتیژی ئێمەن، دوێنێ لەگەڵ جێگرانی باڵیۆزی چین و ڕوسیا کۆبوومەوە و کورتەیەکم لەبارەی وردەکاری و پێشکەوتنی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران پێ ڕاگەیاندن و بەردەوام دەبین لە هاوڕێکردن لەگەڵیان".

ئەم وتانەی تەنها چەند ڕۆژێك دوای ئەنجامدانی دانوستانی ناڕاستەوخۆی شاندەکانی ئەمریکا و ئێران دێن سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمییەکەی ئێران لەمەسقەتی پایتەختی عومان و لەبارەی دانوستانەکانیشەوە، عەباس عێراقچی لەلەدوانکدا ڕایگەیاند، گفتوگۆکان باش بون.